# گفتوگۆی بڵاوكراوەی ئۆكتۆبەر لەگەڵ هەلالە رافع

**لەبارەی كۆنگرەی جیهانیی "مافەكانی ژنان لەنیوان پیوانە یونیڤەرسالیەكان‌و كۆت وبەندە لۆكالیەكاندا!" 18-19 مارس ستۆكهۆڵم/ سوید**

**خەسرەو سایە: بیرۆكەی سازدانی ئەم كۆنگرەیە پشتی بەچ ئامانجیكەوە داوەو بەدیاریكراوییش بۆ لەم كاتەدا كۆنگرەیەكی لەم جۆر سازدەدریَ؟**

هەلالە رافع: ئەم كۆنگرەیە لەم كاتەدا سازدەدریت بەهۆی بارودۆخیكی تایبەت كە كۆمەلگای عیراق دەیگوزەرینی وە بەتایبەت بارووداۆخی ناهەمواری ژنان وە دەوروونەخشیان لەدەسەلات‌و دەستوری ئایندەی عیراقدا، وەك یەكیك لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست. وەلیرەوە بتوانریت بزووتنەوەی ژنان وەك بزووتنەوەیەكی جهانی بقەبلینریت، وە لەكۆنگرەی لەم شیوەیەدا بزووتنەوەی یەكسانی خوازی لە ولاتانی جیاوازدا لەریگەی پشتیوانی‌و هاوكاری لەنیوانیاندا زیاتر یەك دەنگ ببیت.

ئیمە وەك ریكخراوی ئازادی ژن لە عیراق بەشی سوید وە كۆمیتەی بەرگری لەمافەكانی ژنان لە سوید، بە پیی ئەوەی كە كارو هەلسورانمان بەدەرەجەی یەكەم فوكوس ئەكاتە سەر بارووداۆخی ژنان لە عیراق وە وولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست لەلایەكی تریشەوە سەبارەت بە ژنانیك كە لەئەوروپا دەژین‌و لەوولاتانی رۆژهەلاتەوە هاتوون وەك لینكیك لە نیوان ئەوان‌و دەولەتدا لیرە بۆ ناساندنی بارووداۆخیان بە كۆمەلگا وە خستنەرووی چارەسەری واقعی بۆ كیشەكانیان كاروبارمان دەبەینە پیشەوە.

وە هەر لیرەوە ئامانجی ئەم كۆنگرەیە رۆشنە وە بەشیوەیەكی گشتی لە دوو تەوەرەدایە: لەلایەك خستنە رووی بارووداۆخی سیاسی وە ئابووری‌و كۆمەلایەتی ژنان لە وولاتانی رۆژهەلات وە هەروەها كاركردی سیستەم‌و دەسەلات وە ئایین‌و یاسا لەسەر ئەم بارووداۆخە كە لە لایەن كەسایەتی‌و هەلسوراوانی عیراق بەتایبەت وە وولاتانی تری رۆژهەلات دەخریتە روو، ئەمەش وەك پیشینەیەك كە كەسانی جالیەی رۆژئاوا تیایدا ژیاون وە لەگەل خۆیاندا گواستویانەتەوە.

وە لەلایەكی ترەوە سەبارەت بە بارودۆخ‌و كیشەكانی ژنانی دانیشتوی رۆژئاوا كەلە وولاتانی ئاسیاوە هاتوون لەلایەن كەسایەتی‌و هەلسوراوانی ریكخراوەكانی ژنان وە نوینەرانی لایەن‌و دام ودەزگا دەولەتیەكان لە ئەوروپا دەخریتە بەر باس‌و لیكۆلینەوە.

**خەسرەو سایە: هەروەك راتان گەیاندووە كۆنگرە لەژیر دروشمی "مافەكانی ژنان لەنیوان پیوانە یونیڤەرسالیەكان‌و كۆت وبەندە لۆكالیەكاندا!" سازدەدری، دروشمیكی واش باسی زۆر هەلدەگری، بۆیە ئەگەر بكری لەم بارەیەوە رۆشنایی‌یەك بدەیت.**

هەلالە رافع: مافەكانی ژنان جهانین، وە ژنان لەهەرشوینیكی ئەم دنیایەدا نیشتەجی بن دەبیت بەبی لەبەرچاووگرتنی وابەستەیی وە پیشینەی نەتەوایەتی، ئایینی وە فەرهەنگی لەهەمان مافە جهانی‌و ئینسانیەكانیان بەهرەمەند بن. وە ئەوە نەتەوە یان ئایین نیە كە مافەكانی ژنان دیاری دەكات وەلەقالبی دەدات بەلكو دەبیت بەپیی پرنسیپ وە پیوانە ئینسانی‌و جهانیەكان بیت.

دیاردەی (نسبیەتی فەرهەنگی) كە لەم چەند سالەی دواییدا لەوولاتانی ئەوروپادا پەیرەوی كراوە لەدژی ئەو پیوانە جیهانیانەیە. كیشەی كچان وەیان ژنانی پەنابەر لە وولاتانی ئەوروپا كەمتر وە درەنگتر چارەسەر دەكریت وە زۆر جار تەسلیمی خیزان دەكریتەوە وە دەولەت مەسئولیەت لەبەرامبەریدا نیشان نادات، بە بیانووی ئەوەی كەئەو خیزانانە لەوولاتانیكەوە هاتوون كەلەویدا ریگا دەدریت بە باووك برا... بریار لەسەر ژیانی ژنان بدەن وە ئەمە فەرهەنگی" ئەوانە" وەبەم شیوەیە كلتور، ئایین وە خیل حسابی بۆدەكریت نەك ژنان وە ئەمەش بەنرخی ژیانی ژنان تەواو دەبیت.

جا ئیمە پیمان وایە کە ژیانی مرۆڤ لەسەرووی هەموو فەرهەنگو ئایینو میللیەتو داب ونەریتیکەوەیە وەدەبیت لەسەراسەری جهان هەمان مامەلەی لەگەلدا بکریت. لەراستیدا ئەوە یاساو دابونەریتە کە دەبیت بەپیی ریزلیگرتن لە ژیانو حورمەتو کەرامەتی ئینسانەکان دارێژرێت، نەك ژیانو حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ لەپیناو ریزگرتن لەفەرهەنگو ئایین لەژیرپی بنریت.

**خەسرەوسایە: بەرنامەی کۆنگرە چیەو چەند رۆژ دەخایەنی، هەروەها کەسایەتیە ناودارەکانی بەشدار لەم کۆنگرەیەدا کینو لەچ ولاتیکەوە هاتوون؟**

هەلالە رافع: بەرنامەکانی کۆنگرە چەند برگەیەکە کەبرگەی سەرەکی پانیل وە گفتووگۆیە، وە لەو برگەیەدا چەندین باسو لیکۆلینەوە کەپەیوەندیان بەمەسەلەکانی ژنانو ئەو گرفتانەی کەلەدنیای ئەمرۆدا وە بەو شیوەیەی کە باسم کرد لەلایەن چەندین تویژەرو کەسایەتیو هەلسوراوی بزوتنەوەی ژنانەوە لەولاتانی رۆژهەلاتو ئەوروپا، بەزمانەکانی ئینگلیزی، سویدی، عەرەبیو کوردی، پیشکەش بەئامادەبووان دەکری، وە کەسایەتی یەکانی بەشدار لەم کۆنگرەیەدا بریتین لە:

**نەوال سەعداوی**/نوسەروو لیکۆلەرەوەی میسری، **شریف حتاتە**/نوسەری میسری، **رجا بن سلامە**/ نوسەرو هەلسوراوی ژنان لە تونس، **لیلی لەنگری**/ هەلسوراوی ژنان لە ئەفغانستان، **ینار محمد**/ سەرۆکی ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق، **نادیە محمود**/ نوینەری دەرەوەی ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق، **ناسك احمد**/ یەکیك لە هەلسوراوانی ناسراوی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان لە کوردستانی عیراق، **هەلالە رافع**/ لیپرسراوی کەمپینی بەرگری لەمافەکانی ژنان لە عیراق-سوید، **سوسن سلیم**/ تایبەتمەندی بابەتی زەبرووزەنگ لەبەرامبەر ژناندا، **هوزان محمود**/ نوینەری ریکخراوی ئازادی ژن لە لەندەن، **مهرنوش موسەوی**/ سەرۆکی ریکخراوی رزگاریی ژن لە ئیران. **دیلشا دیربك ستین**/ روژنامەوانو نووسەری مەیدانی ژنان لە سوید **ئوللا هۆفمان**/ نوینەری پەرلەمانی حیزبی چەپی سوید، **نوینەری پەرلەمانی سوسیال دیموکراتی سوید**، **ماریا پیلار ریس**/ نوینەری پاریزگاکانی سوید سەبارەت بە مەسەلەکانی ژنانو ژنانی پەنابەر، **هیلین مولاندر**/ نوینەری ئەمنستی ئەنتەر ناسیونال لەسوید، **ئیڤون هیردمان**/ پروفیسۆری میژوو وە فیمینیزم لە زانکۆی ستۆکهۆلم، **ئالا فەرەج**/سەرنوسەری بلاوکراوەی یەکسانی، **ریگا رەوف**/ هەلسوراوی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان، **بەهار مونزر**/ هەلسوراوی مەیدانی ژنانی پەنابەر لە نەروویج، **بەیان سالح**/ هەلسوراوی ژنان لە دانمارك، **ئەعزەم کەم گویان**/ نوسەر وو لیکۆلەرەوە سەبارەت بە ژنان یاساوو مەزهەب لە ئیران، **سارا محمد**/ ریکخراوی هەرگیز پیلاو فادیمە لە یاد مەکەن، **مریم ئەفراسیاب پور**/ کەمپینی دیفاع لە مافی ژنان لە ئیران، **لیلی قەرای وە ئاننا پرشوون**/شەبەکەی ژنان لە سوید، **نوینەری ریکخراوی مناڵپاریز لە سوید**، نوینەری تیرا فیم/ خانەی ئەمنی ژنانی پەنابەر لە هەموو سوید، وە **نوینەری وەزارەتی یەکسانی**.

**خسرەوسایە: بەدوای ئەم قسانەت وادیتە پیشچاو کەکەسایەتیەکانو بەرنامەی دیاری کراو لەم کۆنگرەیەدا هەلگری بۆچونو لیکدانەوەی جیاوازن لەسەر دنیای ئەمرۆو مەسەلەکانی ژنان، هۆی ئەمەچیە؟ ئایا ئاگاهانە ئەم قالبەتان بە کۆنگرە بەخشیوە؟**

هەلالە رافع: ئەو کەسایەتیو هەلسوراوانەی کە لەم کۆنگرەیەدا بەشدارن هەلگری بۆچوونی جیاوازن لەمەر مەسەلەکانی ژنان. وە ئیمە پیمان وایە کیشەی ژنان وە بارووۆخیان بەپیی وولاتە جۆراو جۆرەکان ئاستو شیوەی جۆراوجۆر لەخۆی دەگریت، وە پیویستە هەلسوراوانو پسپۆرانی ئەم مەیدانە زیاتر لە نزیکەوە قسەو باسەکانیان بکەن وە دیالۆگیکی بەردەوام لە نیوانیاندا هەبیت بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر وە واقعی تر، سەرەرای بونی بۆچونی جیاواز کە ئەمەش لەکۆتاییدا کۆمەلگا وە ژنان خۆیان دەیبریننەوە کەلەکام جەمسەردا راوەستاون وەکام لەو بۆچونانە لەبەرژەوەندی ئەواندایە.

وە لەلایەکی ترەوە تا ئیستاش لە وولاتانی رۆژهەلات کەمتر دەرگا بۆ بەرەی رادیکال وە سۆسیالیستو عیلمانی ئاوەلایە بۆ خستنە رووی باسو خواستەکانی ژنان لەئاستی فراواندا، بەلام چوار چیوەو ریچکەی ئەم کۆنگرەیە لە گشتیەتیدا سۆسیالیستیو عیلمانیە وە ئیمە هەولمانداوە لە ریگەی کۆنگرەی لەم چەشنەوە نوینەرانی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی باسو لیکۆلینەوەکانیان بخەنە بەردەم رای گشتی ئەوروپاو ریکخراوو بزووتنەوە پیشکەوتنخوازەکان.

**خەسرەو سایە: هەلالە رافع هەروەك ئاشکرایە هەموو کۆنگرەیەکی هاوشیوەی ئەم کۆنگرەیە، لەکۆتایی کارەکانی خۆیدا پەیامیکی هەیەو دەیەویت بەئەنجامیك لەراستای خەبات بۆ بەدی هینانی خواستەکانی ژنانو باشکردنی بارودۆخیان هەنگاویك هەلگری.. لەم روانگەیەوە دەکریت پیمان بلیت پەیامی کۆتایی ئەم کۆنگرەیەی ئیوە چییەو دەبی چ چاوەروانیەکمان لیی هەبی..؟**

هەلاّلە رافع: پەیامی کۆتایی کۆنگرە لە بریارنامەیەکدا کۆدەبیتەوە کە دواتر پیشکەش بە دەولەتی سوید وە **UN** بکریت وەلە دووخالی سەرەکی پیك دیت.

مافەکانی ژنان جیهانین، وە هەر ژنیك لەهەرسوچیکی جیهاندا وە بە هەر پیشینەیەکی قەومی ئایینی وە فەرهەنگیەوە دەبیت لە مافە جیهانیو ئینسانیەکانی خۆی بەهرەمەند بیت.

پشتیوانی بزووتنەوەی رادیکالو پیشکەوتنخوازی ئەوروپا لە بزووتنەوەی ژنان لە وولاتانی رۆژهەلات وە بەتایبەت وولاتانیك کە لەسەروبەندی گۆرانکاری دەسەلاتدا دەبیت کە لەئیستادا عیراقە. وە لیرەشەوە شیوەی هاوکاری گۆرینەوەی ئەزموونو هاوخەباتی بزووتنەوەکان رۆشنتر دەبیتەوە بەرەو باشتر کردنی بارودۆخی ژنان لەسەراسەری جیهاندا.